# ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی کاتەکانی دەوام کردن نیو بە نیو ئەنجام بدرێت و واجبەکان بەجێ بهێنرێت بەبێ ئەوەی لەو ماوەیەدا هیچ گرفتێک دروست بکات ئایا ئەمە کارێکی دروستە؟

[ کردي – کوردی – kurdish ]

**شێخ موحەممەد صاڵح المنجد**

**وەرگێڕانی:** دەستەی بەشی زمانی کوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

**پێداچونەوەی:** پشتیوان سابیر عەزیز

2014 - 1435

IslamHouse.com

# يعملان نصف ساعات الدوام المتفق عليها ويقسمان العمل بينهما بدون إخلال بالعمل في هذه المدة فهل يجوز لهما ذلك؟

« باللغة الكردية »


الشيخ محمد صالح المنجد



ترجمة: فريق قسم اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2014 - 1435

IslamHouse.com

## ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی کاتەکانی دەوام کردن نیو بە نیو ئەنجام بدرێت و واجبەکان بەجێ بهێنرێت بەبێ ئەوەی لەو ماوەیەدا هیچ گرفتێک دروست بکات ئایا ئەمە کارێکی دروستە ؟

**پرسیار** : هەندێك لە دكتۆرەكان لە نەخۆشخانەكاندا هەڵدەستن بە دابەشكردنی كارەكانیان، واتا : نەخشەی كاركردن وادانراوە كە دوو دكتۆر لەیەك كاتدا یەكی بیست وچوار كاتژمێر ئێشك بگرن، بەڵام ئەو دوو دكتۆرە دێن یەكی دوانزە كاتژمێر ئێشك دەگرن، لەو دوانزە كاتژمێرەدا ئەو دكتۆرە كاری دكتۆرە هاوڕێكەی تریشی ئەنجام دەدات، وپاشان ئەو دكتۆرە كارەكەی بەجێ دەهێڵێت و دەڕواتەوە، لەم كاتەدا دەچێت بۆ جێگایەكی تر یان بۆ نەخۆشخانەیەكی تر بۆ كاركردن، دوای ئەو دكتۆرەكەی هاوڕێی دێت و دوانزە كاتژمێرەكەی تر ئێشك دەگرێت و كاری خۆی و كاری هاوڕێكەی تری لەو ماوەیەدا ئەنجام دەدات، ئەوەندەش هەیە كاتی ئیمزاكردنی كارەكەشیان هەریەكەیان ئیمزای بیست وچوار كاتژمێر دەكات، و موحاسبەش دەكرێن لەسەر ئەو بیست وچوار كاتژمێرە، هەندێك جاریش ئەم ڕێكەوتنە

بە ئاگاداری بەڕێوەبەری ئەو بەشەی نەخۆشخانەکە دەکرێت، خۆ ئەگەر کێشە وگرفتێکش لەو ماوەیەدا دروست ببێت، یان پشکنینێکی گشتی بکرێت، ئەو بەڕێوەبەرە نکولی لە ڕەزامەندیەکەی دەکات لەسەر وەها کارێك، ئایا حوکمی ئەم جۆرە کارانە چیە ؟

**وەڵام :** سوپاس بۆ خوای گەورە ومیهرەبان، وە درود و صەڵات وسەلام لەسەر محمد المصطفى وئال وبەیت ویار ویاوەرانی هەتا هەتایە .

کارمەندی موسڵمان بە پێی شەریعەتی ئیسلام فەرمانی پێکراوە کە وەفای هەبێت لەگەڵ ئەو گرێبەستەی کە ئەنجامی دەدات لەگەڵ ئەو دامەزراوەی کە ئیمزای دەکات بۆ کارکردن لەگەڵیدا، خوای گەورەش فەرموویەتی : ﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَوْفُوا بِالْعُقُودِ ﴾ [ المائدة : ١ ]واتا :ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە وەفاتان هەبێت بەو گرێبەستانەی کە کردووتانە .

کاتێك ئەو دکتۆرانەیش کە ئیمزای ئەوە دەکەن کە بیست وچوار کاتژمێر کاریان کردووە، و مووچەی ئەو ماوەیەش وەردەگرن

مانای وایە ئەوان بەپێی ئەو گرێبەستە داوایان لێکراوە کە بیست وچوار کاتژمێر دەوام بکەن لەو نەخۆشخانەیەدا، بەڵام کاتێك هەندێك لەو دکتۆرانە لەو ماوەیەی کە ئیمزای کارەکەی کردووە، بەبێ هیچ بیانویەکی شەرعی نەخۆشخانەکە بەجێ دەهێڵێت و دەچێت بۆ جێگایەکی تر بۆ کارکردن، خۆی لەخۆیدا ئەم کارە جێگای چەند هەڵوێستە کردنێکە :

یەکەم : خەلەل دروست کردنە لەو گرێبەستەی کە لەگەڵ ئەو دامەزراوەیەدا ئیمزای کردووە، هەروەها جۆرێکە لە فیڵکردن لەو دکتۆرانەش کە لەو نەخۆشخانەیەدا کار دەکەن .

دووەم : درۆ وفێڵکردنە، کاتێك ئیمزای بیست وچوار کاتژمێر کارکردن دەکات، بەڵام لە واقعدا تەنها دوانزە کاتژمێر کاریان کردووە، ئەمەش خۆی لە خۆیدا خیانەتی ئەمانەتە .

سێهەم : وەرگرتنی مووچەیەکی مانگانە زیاتر لەوەی کە شایەنیەتی، ئەمەش پارە و کەسبێکی حەرامە هەر کەسێك ئەنجامی بدات .

چوارەم : ئەگەری ئەوە هەیە خەلەلێك دروست بێت لە نەخۆشخانەکەدا، بەتایبەتی کاتێك ئەگەر هاتوو حاڵەتێکی کتوپڕی لەناکاو ڕوویدا و ئەو دکتۆرە نەخۆشخانەکەی بەجێهێشت بوو، یان لە جێگایەکی تر خەریکی کاری تر بوو .

پێنجەم : ئاگاداری بەرێوەبەری ئەو بەشەی نەخۆشخانەکە بەڵگە نیە لەسەر دروستی کارەکەیان، چونکە ئەو بەڕێوەبەرە سەرپشك نەکراوە ڕێگای وەها کارێك بدات، ئەویش بە بەڵگەی ئەوەی لەکاتی ڕوودانی پشکنیندا ئینکاری ئەوە دەکات کە ئاگاداری وەها کارێك بێت .

زانایانی لیژنەی هەمیشەیی فەتوادانیش لەم بارەیەوە ووتویانە : کارمەند وفەرمانبەر واجبە لەسەری تەواوی کاتی دەوامەکەی لەسەر کارەکەی ئامادە بێت، تەنانەت ئەگەر هیچ کارێکیش نەبێت ئەنجامی بدات، وە بەهیچ شێوەیەك دروست نییە کارەکەی بەجێ بهێڵێت، بۆ کارێکی زۆر پێویست نەبێت ئەویش ئەگەر یاسا ڕێگای پێ بدات، وە دروست نییە تەزویر وساختە بکات لەوەی ئیمزای ئامادەبوون و دەرچوون بکات، بۆیە واجبە

لەسەر ئەو کەسەی پرسیارەکەی کردووە تەوبە بکات لەو کارەی کە کردویەتی و پابەندیش بێت بە ئەرك و ئیش و کارەکەیەوە، خوای گەورەش هەموو لایەك سەرکەوتوو سەرفراز بکات، و درود و صەڵات و سەلامیش لەسەر محمد المصطفی و ئال وبەیت و یارو یاوەرانی هەتا هەتایە .

لە فەتواکانی لیژنەی هەمیشەیی بۆ لێکۆڵینەوەی زانستی و فەتوادان .

خوای گەورەش زاناترە ..

سەرچاوە : سایتی ئیسلام پرسیار و وەڵام .